فەزڵ بە ئێمە بەخشراوە بەسەر خەڵکیدا لە سێ شتدا: ڕیزەکانمان وەکو ڕیزەکانی فریشتەکانن، وهەموو سەر زەوی کراوە بە مزگەوت بۆ ئێمە، وخاکەکەی کراوە بە پاککەرەوە بۆ ئێمە ئەگەر ئاومان نەدۆزیەوە

لە حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «فەزڵ بە ئێمە بەخشراوە بەسەر خەڵکیدا لە سێ شتدا: ڕیزەکانمان وەکو ڕیزەکانی فریشتەکانن، وهەموو سەر زەوی کراوە بە مزگەوت بۆ ئێمە، وخاکەکەی کراوە بە پاککەرەوە بۆ ئێمە (بۆ تەیەموم کردن) ئەگەر ئاومان نەدۆزیەوە»، وفەزڵێکی تریشی باسکرد.

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە باسی فەزڵ وڕێزلێنان لەم ئومەتە دەکات بەسەر ئومەتەکانی تر بە هەندێک تایبەتمەندی، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (فەزڵ بە ئێمە بەخشراوە بەسەر خەڵکیدا لە سێ شتدا): واتا خوای گەورە چەند فەزڵ وڕێزلێنان وتایبەتمەندییەکی بە ئێمە بەخشیووە بەسەر ئومەتانی پێشووتردا لە سێ سیفەتدا، وئەمەیش سنوودارکردنی سیفەتەکان نییە تەنها بۆ ئەم سیانە؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سیفەت وتایبەتمەندییەکانی ئومەتەکەی بۆ سەر دادەبەزی یەک لە دوای یەک، بۆیە هەواڵی دەدا سەبارەت بە ئەوانەی لەسەری دابەزیووە لەکاتێکدا کە گونجاو بووایە. (ڕیزەکانمان وەکو ڕیزەکانی فریشتەکانن): واتا وەستانمان لە نوێژدا وەکو وەستانی فریشتەکانن لە لای پەروەردگاریان، واتا سەرەتا ڕیزەکانی پێشەوە کامڵ دەکەن ئینجا ئەوانەی دواتر، پاشان لە تەنیشت یەکتر دەوەستن وڕیزەکان ڕێکدەخەن، هەروەکو لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە: (ألا تصفون كما تَصُف الملائكة عندَ ربِّها؟) فقلنا: يا رسول الله، وكيف تَصُفُّ الملائكة عند ربِّها؟ قالَ: (يتمون الصفوف الأولى، ويتراصون في الصَفِّ) [رواه أبي داود] واتە: (ئایا ڕیزەکان ڕێک ناخەن هەروەکو چۆن فریشتەکان ڕیزەکان ڕێکدەخەن لە لای پەروەردگاریان؟) ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، فریشتەکان چۆن ڕیزەکان ڕێکدەخەن -چۆن دەوەستن لە ڕیزەکاندا- لە لای پەروەردگاریان؟ فەرمووی: (سەرەتا ڕیزەکانی پێشەوە پڕ دەکەنەوە، ولە تەنیشت یەکتر دەوەستن لە ڕیزەکاندا). ئەمیش بە پێچەوانەی ئومەتەکانی پێشووتر، ئەوان لە نوێژدا دەوەستان بەهەر شێوەیەک بووایە. (وهەموو سەر زەوی کراوە بە مزگەوت بۆ ئێمە): واتا خوای گەورە هەموو ڕێگەی داوە بە ئێمە بە نوێژکردن لە هەر شوێنێکی سەر زەوی، بۆیە مسوڵمان لە هەر شوێنێک بوو وکاتی نوێژ هات؛ دەتوانێت نوێژ بکات، وشوێنێک تایبەت نەکراوە بۆ نوێژکردن ئەمیش بۆ ئاسانکاری لەسەر ئەم ئومەتە، بە پێچەوانەی ئومەتەکانی پێشووتر؛ چونکە ئەوان تەنها دەبوو لە نێو کڵێسا وکەنیست -پەرستگای جولەکە- نوێژ بکەن، بۆیە لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتووە: (وكان مَنْ قبلي إنَّما يُصلون في كنائسهم) [رواه أحمد] واتە: (ئەوانەی پێش من تەنها دەبوو لە نێو کڵێساکانیان نوێژ بکەن)، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: (ولم يَكن أحَدٌ من الأنبياء يصلِّي حتى يبلغ مِحْرَابه) واتە: (هیچ یەکێک لە پێغەمبەران نوێژی نەدەکرد هەتاوەکو دەگەیشتە نێو میحرابەکەی -شوێنی نوێژکردنەکەی-). گشتگیری ئەم فەرموودەیە ئەو شوێنانە ناگرێتەوە کە شەریعەت نەهی کردووە لە نوێژکردن تێیاندا، وەکو: گەرماو -حەمام-، وئاودەستخانە، وگۆڕستان، وشوێنی مانەوەی وشترەکان، وشوێنە پیس وبۆگەنەکان. (وخاکەکەی کراوە بە پاککەرەوە بۆ ئێمە -بۆ تەیەموم کردن- ئەگەر ئاومان نەدۆزیەوە): واتا تەیەموم کردن بە خاک وخۆڵ کاتێک ڕێگەپێدراوە ئەگەر ئاو دەست نەکەوێت، وهەروەها قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە، خوای گەورە دەفەرموێت: {فَلَمْ تَجِدُوا۟ مَآءً فَتَيَمَّمُوا۟ صَعِيدًا طَيِّبًا} [النساء:43] واتە: {ئینجا ئاوتان دەست نەکەوت ئەوە بە خۆڵێکی پاک تەیەموم بکەن}، وزانایان یەکدەنگن لەسەر ئەم ڕێگەپێدانە بە تەیەموم کردن، وهەروەها ئەو کەسەیش دەگرێتەوە کە تەنها ئەوەندە ئاوی پێیە ترسی تووشی بوون بە زیانی هەیە ئەگەر ئەو پڕە ئاوە بەکاربهێنێت بۆ دەستنوێژگرتن. (وفەزڵێکی تریشی باسکرد): ئەوەی باسکراوە لە پێشتووتر دوو دانە بوون، بۆ نوێژکردن وتەیەموم کردن بە یەک تایبەتمەندی دادەنرێن، بەڵام سێیەم

لێرەدا باس نەکراوە بەڵام لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (وأوتِيتُ هؤلاء الآيات آخر سورة البقرة من كَنْز تحت العَرْش لم يُعْطَ منه أحَدٌ قَبْلِي، ولا يُعْطَى منه أحَدٌ بَعْدِي) [رواه النسائي] واتە: (وئەو ئایەتانەم پێبەخشراوە لە کۆتایی سورەتی -البقرة-دا لە گەنجینەکانی ژێر عەرش، لەو -گەنجینەیە- بە کەسی تر نەبەخشراوە لە پێش من، وبە کەسی تریش نابەخشرێت لە پاش من).

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10026